www.kurdistannet.org 7-9-2002

# پاسمەرگە

**حەمەسەعید حەسەن**

لە وەڵامی ‹ڕەحیم سەفەوی›دا کە گوتبووی: جەلال تاڵەبانی، دەیەوێت، ئەمریکا بهێنێتە ناوچەکە، وتەبێژێک بە ناوی یەکێتیی نیشتمانی کوردستانەوە گوتی: (مێژووی پەیوەندیی نێوان ینک و پاسداران زۆر لەوە گەورەترە کە ‹ڕەحیم سەفەوی› ئاڵۆزی بکا.)(١)

ڕاستە ینک دۆستێکی دێرین و دڵسۆزی پاسدارانە و تەنانەت لە ١٠ی ئوکتۆبەری ١٩٨٦دا ‹فەتحی یەک› پاسدارانی گەیاندە سەر بیرە نەوتەکانی زەنبوور و ئەنفالی بە دوادا هات، لێ ئاخۆ دەشێت ینک لە خودی فەرماندەی سوپای پاسداران، دڵسۆزتر بێت بۆ سوپای پاسداران؟ ئاخر ڕەحیم سەفەوی فەرماندەی سوپای پاسدارانە! لە دۆخێکی ئاوادا، هانا بۆ گوتەی: (لە شا، شاپەرستترە،) دەبەین، وەلێ ینک لەوەشی تێپەڕاندووە.

خەڵکی کوردستان، پاسداران دەناسن، من تەنیا وەبیر سەرکردایەتیی (ینک)ی دەهێنمەوە، کە ئەوە پاسداران بوون، بیست و دوو ساڵ بەر لە ئێستا فەتواکەی ‹خومەینی›یان بۆ قەلاچۆکردنی کورد جێبەجێ کرد و (لەژێر ئەم ئاسمانە بەرینەدا هیچ خزمەتێکیان لە کوشتنی کورد بە پیرۆزتر نەدەزانی.)(٢) شیاوی گوتنە ینک کە هەنووکە شانازی بە دۆستایەتی پتەوی نێوان خۆی و لەشکری پاسدارانەوە دەکا، ئەو سەروەختە ناتۆرەی (پاسدار موەقەتە)ی دوای پێمیمی پدک خستبوو.

2002. 09. 06

(١) لێدوانی وتەبێژێکی ینک، کوردستانی نوێی ٢٠٠٢/٩/٥ ل١

(٢) ڕاگەیاندنی شەڕێکی هەموو لایەنە لە دژی کورد، خالید محەمەدزادە، کوردستان، ئۆرگانی حدکا، ژمارە: ٣٤٧

* پاسمەرگە: پاسدار + پێشمەرگە.